


# پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان

## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك

پارتی دیموکراتی کوردستان، وەکو پارتێکی هەرە ڕەسەنی نیشتمانی و کوردستانی لە عێراقدا، هەمیشە کاری سەرەکی بۆ بە دیموکراسیکردن و شۆڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندییەوە بۆ هەرێم و پارێزگاکان کردووە. نەخاسمە دوای دەرچوونی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ و پەسندکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق و چەسپاندنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، تا لەو ڕێگایەوە بتوانرێت لە لایەك دەسەڵاتی خۆجێیەتیی پارێزگاکان لەلایەن نوێنەرانی گەلەوە دیاری بکرێت، لە لایەکی تر نوێنەری هەڵبژێردراوی گەل بەپێی یاسا بەرکارەکان چاودێریی دەسەڵاتە خۆجێییەکان بکات و بەرژەوەندییەکانی گشتیی پارێزگاکە بخەنە بەرچاو و کار بۆ زیاتر خزمەتکردنی درووست و ڕوون و پاك و بێگەرد بکەن.

**تا پارتی بەهێزبێ کوردستان بەهێز دەبێت،**
**بەهێزیی پارتی بەهێزیی کوردستانە.**

**پارتی پارێزەری کوردستانیبوونی کەرکووکە.**

**سیاسەتی پارتی لە کەرکووک**
**پاراستنی شکۆی کوردستانیانی کەرکووکە.**

**پارتی دەست لە ماف و داخوازیی**
**کەرکووکییەکان هەڵناگرێت.**



**کەرکووک و پارتی**
**دووانەیەکن**
**لەیەک جیانابنەوە.**

**ئێمەین زیاد لە نیوە سەدەیە دروشمی**
**کەرکووک دڵی کوردستانە ئەڵێینەوە.**

**پارتی سەربەرزانە**
**لە ناخی هاونیشتمانیانی**
**دڵسۆزی کەرکووکدایە.**

لەم سۆنگەیەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستادا بە بەردەوامی پرسی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی کردۆتە بنەمای سەرەکیی گفتوگۆکان و هەموو هەوڵێکی داوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەم ناوچانە.

لەلایەکی دیکەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان خوازیارە تا ئاساییکردنەوەی تەواوەتی و دەستوورییانەی ئەم ناوچانە، بەتایبەتی دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئیدارەی خۆجێیی پارێزگا و یەکە ئیدارەیەکانی، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی بەڕێوە ببرێت، بە پشتبەستن بە دەرئەنجامی صندوقەکانی دەنگدان، لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاک و دیموکراسیدا، بەبێ فشار خستنە سەر جەماوەری کوردستانی و بە سەربازگەکردنی ئەو ناوچانە.

**جەماوەری خۆشەویستی پارێزگای کەرکوک**
**دەنگدەرانی دڵسۆز و سەربەرز.....**

بەمەبەستی ئاساییکردنەوەی پارێزگای کەرکووک و دەستنیشانکردنی دەسەڵاتی خۆجێیەتی ئەم پارێزگایە و نەهێشتنی ئەو فشار و ناحەقییانەی کە لە ماوەی ڕابردوو بە ناڕەوا خرابوونە سەر جەماوەری کەرکووک، کە بڕوای تەواوی بە (پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن) هەیە، پارتی دیموکراتی کوردستان بە لیستی ژمارە (١٩٧) بەشداریی هەڵبژاردنی ٢٠٢٣/١٢/١٨ دەکات و داواتان لێ دەکەین دەنگ بەم لیستە و کاندیدەکانی خۆتان لەنێو لیستی خۆتان لیستی (١٩٧) بدەن، تا هەموومان پێکەوە بتوانین ئامانجی قووڵی (پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن) بچەسپێنین و ئەنجوومەنێکی شایستە بە خەبات و ماندووبوون و قوربانیی ڕۆڵەکانتان هەڵبژێرن، تا نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی ئێوە بکەن و ڕاستگۆیانە بەرگریکاری ماف و ئازادیی هەڵوێستەکانی ئێوەبن.






# بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان

## بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ٢٠٢٣/١٢/١٨

ئێمە لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە لیستی ژمارە (١٩٧) بەشدارین و بڕوای تەواومان بە (پێکەوەژیان و یەکترقەبووڵکردن) لەم پارێزگایە هەیە و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش لە ڕێگای نوێنەرەکانمان کار دەکەین لە ئەنجوومەنی داهاتووی پارێزگای کەرکووک دادپەروەری و تەبایی بەدی بێنین و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بکەینە پێشەنگی کارەمان و هەوڵی ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەمنی و ئیداری و سیاسیی پارێزگای کەرکووک بدەین و ڕێگری لە دامەزراندنی خەڵکی دەرەوەی پارێزگاکە بکەین و هەوڵی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتووانی ڕەسەنی ئەم پارێزگایە و خاوەن بڕوانامە و لاوان و ئافرەتان بدەین و پشتیوانی لە جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ سەرجەم ناوچەکانی ئەم پارێزگایە بکەین بەبێ جیاوازیکردن.

هەروەها دەستەبەرکردنی هەلی دادپەروەرانەی دامەزراندن، بە ڕەچاوکردنی یەکسانی دەرفەت بۆ کوردستانییانی کەرکووک کە لە مێژووی ئەم پارێزگایەدا هەمیشە پشتگوێ خراون و کەمترین دەرفەتی دامەزراندن بۆ ڕۆڵەکانیان ڕەخساوە.

ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵقوڵاوی ڕێبازی پیرۆزی بارزانین و بڕوای تەواومان بە خوداناسی و مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەری هەیە. کار دەکەین ڕۆڵەکانی کەرکووکیش لە ژیانێکی ئاسوودە و شایستەی پڕ لە کەرامەت، بە پاراستنی مافی مرۆڤ، بتوانن بە ئارامی و ئاسوودەیی بژین. چیدی ئەم پارێزگایە و ڕۆڵەکانی نەکرێنە قوربانیی ململانێی ناڕەوای دوور لە خواستی کوردستانییانی پارێزگاکە. هەروەها دەستوور و مادەی (١٤٠) بکرێتە بنەمای سەرەکیی چارەسەرکردنی ڕیشەیی پرسی کەرکووک.

بە ڕەچاوکردنی پرۆسە و لێکەوتەکانی هەڵبژاردن، کاردەکەین تا هەموو پێکهاتەکانی ئەم پارێزگایە بەشداربن لە دەسەڵاتی خۆجێیەتی و چیتر هیچ پێکهاتە و نەتەوە و ئایین و ئایینزایەک پشتگوێ نەخرێت و ئەو ناوچانەی زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە زیادترین خزمەت بکرێن و کاری سەرەکیمان دەبێتە چارەسەری ئەو گرفتانەی ڕۆژانە دەخرێنە بەر ژیان و بژێوی کوردستانییانی پارێزگاکە، بەتایبەتی گوندنشینان و خاوەن زەویە کشتوکاڵییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دەسەڵاتی خۆجێیەتی پێکهاتوو لە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کەرکووک بەرپرس بن لە بەڕێوەبردن و ئاسایش و پاراستنی ئەم پارێزگایە.




**پارتی کاردەکات بۆ:**

١. جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری و ئارامی لە عێراقدا.

٢. پێداگرین لەسەر ئاساییکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا.

٣. پەیامی لیستی ١٩٧ پەیامی هاریکاری و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و هەماهەنگی نێوان هەموو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییە جیاوازەکانە.

٤. لیستی ١٩٧ کاردەکات لە پێناو خزمەتکردنی هاووڵاتیان بە بێ جیاوازی.

٥. ئامانجی لیستی ١٩٧ی پارتیمان خۆشگوزەرانی و ڕەخساندنی هەلی کارە بۆ هەمووان.

٦. لیستی ١٩٧ی پارتیمان گرنگی زیاتر بە خوێندنی کوردی دەدات لە کەرکووک و ناوچە دابڕێندراوەکان.

٧. لیستی ١٩٧ پێداگیری دەکات لەسەر نەهێشتنی ئاسەوارەکانی گۆڕینی دیمۆگرافی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

٨. لیستی ١٩٧ لە ڕوانگەی ڕێبازی پیرۆزی بارزانییەوە جەخت لە پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی کەرکووک دەکاتەوە.

٩. پارتی لە نپێش هەمووانەوە لە پێناو کوردستانییەتی کەرکووکدا قوربانی داوە و



بەردەوامیش دەبێت.

١٠.لیستی ١٩٧ بە گرنگییەوە لە بەشداریی کارای ئافرەتان دەڕوانێت، لە گشت بوارەکاندا.

١١.بەردەوام دەبین لە پاراستنی ناسنامە و کوردستانیبوونی کەرکووک.

١٢.لیستی ١٩٧ کار دەکات بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کاسبکارانی شاری کەرکووک.

١٣.لیستی ١٩٧ کاردەکات بۆ گرنگیدان بە وەرزشوانانی پارێزگای کەرکووک.

١٤.لیستی ١٩٧ کاردەکات بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ گەڕەکە پشتگوێخراوەکان و چارەسەری کێشەکانیان.

١٥.لیستی ١٩٧ کاردەکات بۆ تەواوکردنی پرۆژە خزمەتگوازییە وەستێندراوەکان.

١٦.خیانەتی شازدەی ئۆکتۆبەر و دەرهاویشتەکانی لە بیر ناکەین، کەرکووکییەکان ئێوەش لە بیری مەکەن.

١٧.پارتی خۆسەپاندن و فەرزکردنی ئەمری واقع بە سەر کەرکووکییەکاندا ڕەتدەکاتەوە.

١٨.لیستی ١٩٧ کاردەکات بۆ سارێژکردنی نەهامەتی و برینەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر.

١٩.بۆ دووبارە نەبوونەوەی شازدەی ئۆکتۆبەرێکی تر، لیستی ١٩٧ هەڵبژێرە و کەرکووک بخەرە ناو دەستێکی ئەمین.

٢٠.گەلی سەربەرزی کەرکووک، ئێوە بڕیار دەدەن لەم هەڵبژاردنە پارێزگاری سەپێندراوی



کەرکووك بگۆڕن بە کوردێکی شیاوی جێگای متمانەتان.

٢١.لیستی ١٩٧ ڕێز لە تێکۆشەرانی دێرینی ڕۆژانی سەختی خەبات دەگرێت.

٢٢.لیستی ١٩٧ کاردەکات بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی فرەکەلتووری لە کەرکووک.

٢٣.لیستی ١٩٧ جەخت دەکاتەوە لە سەر فرەیی ئایینی و نەتەوەیی و سیاسی و پێکەوەژیان و یەکتر قەبووڵکردن.

٢٤.لیستی ١٩٧ جەخت لەسەر چارەسەری بنەڕەتی کێشەی زەوی و زاری جوتیاران لە پارێزگای کەرکووک دەکاتەوە.

٢٥.پارتیمان هەمیشە پارێزەری دەستکەوتەکانی گەل و بەدەستهێنەری مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانە.

٢٦.لیستی ١٩٧ کار دەکات بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک.

٢٧.پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەنگەری پێشەوەی بەرگرییە بۆ ئاییندەیەکی گەشتر لە کەرکووک.






٢٨.جەخت لەسەر ڕێزگرتن لە ئیرادەی گەل و قووڵکردنەوەی دیموکراسی و باڵادەستی سەروەریی یاسا لە کەرکووک دەکەینەوە.

٢٩.نووسەر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی کەرکووک ڕووی گەشی شارستانی و هەوێنی پێشکەوتنی کۆمەڵگە.، پارتی تێدەکۆشێت بۆ پاراستنی ئازادی و مافە ڕەواکانیان.

٣٠.پارتی لە کەرکووک مافە نەتەوەیی و فەرهەنگی و ئیدارییەکانی کورد و تورکمان و عەرەبی ڕەسەن و کلدان، سریان، ئاشووری و ئەرمەن دەپارێزێت.

٣١.هەوڵی دەستەبەری مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەدەین.

٣٢.خەڵکی کەرکووک دڵنیا دەکەینەوە هەرگیز سازش لەسەر مافە ڕەواکانیان ناکەین و ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان بە ستوونی سیاسەت و ستراتیجی خۆمان بزانین.

٣٣.خزمەتکردنی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان بە ئەرک و بەرپرسیاریەتی خۆمان دەزانین.

٣٤.دەنگدان بە لیستی ١٩٧ گەڕانەوەی هێزە بۆ مافە دەستوورییە پێشێلکراوەکان.

٣٥.ئاوەدانی و گەیاندنی خزمەتگوزاری بە دێهاتەکان بەرنامەی لیستی ١٩٧ی پارتیمان دەبێت.

٣٦.پارێزەری شکۆی تاک بە تاکی خەڵکی کەرکووک دەبین.

٣٧.کەرکووک دەبوژێنینەوە و سەقامگیری و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری بۆ دەگەڕێنینەوە.

٣٨.ئەگەر دەتەوێت دەسەڵاتی کەرکووك بۆ کەرکووکییە ڕەسەنە دڵسۆزەکان بگەڕێتەوە دەنگ بدە بە لیستی ١٩٧.

٣٩.بڕیاری سەرکردایەتی پارتیمان بە بەخشینی گەورەترین بارەگای خۆی بە زانکۆی کەرکووك، سەلمێنەری خەمخۆری پارتیمانە بۆ شارەکە.

٤٠.بە زامنکردنی مافەکان، دادپەروەری دێتەدی.

١٩٧ الحزب الديمقراطي الكوردستاني